# زیانی شەڕەكان. . بە ژمارە !

ئا / شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail.com

بە پێی ئەو بلاَوكراوانەی لەبەر رۆشنایی دەراساتی ستراتیژیی و مەیدانیەكانی پاش شەڕی یەكەمی كەنداو، ئامادەو پەخشكران. زیانەكانی ئەم شەڕە دژوارە بەم جۆرە بوون.

ـــ یەك ملیون كوژراو.

ـــ یەك ملیون بریندارو كەمئەندام.

ـــ یەك ملیون پەناهەندە.

ـــ سەد هەزار دیل ( لەوانە ٧٠ هەزاری عیراقی و ٣٠ هەزاری ئیرانی ).

ئەوەی لە راپۆرتی ئەنستیوتی نیونەتەوەیی ئاشتی لە ستوكهۆلم بلاَوكراوەتەوە، زیانی هەردوولای ئەم شەڕە بەم جۆرە بووە. كۆی زیانی پارەی شەڕەكە، بە هەموو دەزگاو دامەزراوە ئابوری و ستراتیژییەكان گەیشتبووە " ٥٠٠ " ملیون دۆلار. كۆی خەرجی هەردوولا " ٢١٣ " ملیار دۆلاربووە، بەشی پارەكەی عیراق بە تەنیا " ١٤٧ " ملیون دۆلاربووە.

لە راپۆرتێكی ترا نوسراوە، مانگانە عیراق " ١، ٦ " ملیار دۆلاری خەرجكردووە، لایەنی ئیرانیش مانگانە " ٥ " ملیاردۆلاری خەرجكردووە. واتە سەرجەم زیانەكانی ئەو هەشت ساڵە دەكاتە " ٦٣٧ " ملیار لەوەش ئیران " ٤٧٥" ملیاری بەردەكەوێت. واش مەزندە دەكرێت ئەو تەقدیرانە لە راستی زۆر نزیكن.

زیانی پترۆلی هەردوولا" ١٢٠ " ملیار دۆلاریان زیان لێكەوتووە. لەوانە بەشی عیراق " ٩٠ " ملیار دۆلار دەبێت. بەڵگەش ئەوەیە، پێش شەڕەكە، واتە لە ساڵی ١٩٨٠دا عیراق رۆژانە " ٣، ٢ " ملیون برمیل ١٦٠ ( ملیون تۆن) نەوتی دەفرۆشت و داهاتەكەشی " ٣٦ " ملیار دۆلار دەبوو. پاش دوو ساڵ شەڕ، بەرهەمەكەی رۆژانە بووە بە " ٧٠٠ " هەزار برمیل. ئەوەش لە ئەنجامی بەركەوتنی زیان بوو لە پێگەكانی نەوتی لە كەنداوو وەستانی رۆیشتنی نەوتی عیراق بەناو خاكی سوریادا. ئیرانیش بەرهەمی نەوتی لە ساڵی ١٩٨٥ لە" ١، ٨" ملیون برمیل دابەزی بۆ " ٨٠٠ " هەزار برمیل.

بە پیَ ئەو ژمارانەی دیارو زانراون، كە عیراق لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی هەڵگیرساند " ٢٠ " ملیار دۆلاری هەبووە، بۆ شەڕەكەو بۆ خەرجی ژێرخانی بنەرەتی و چەكداركردنی خۆی، قەرزەكانی گەیشتە "٧٠" ملیار دۆلار، لەوانە" ٣٠ " ملیار دۆلاری ولاتانی خۆرهەلاتی و ئەوەی تریشی هی كویت و سعودیە بوو. بەلاَم ئیران بە پێچەوانەی عیراق قەرزی هەبوو، نەك قەرزار بێت، بەلاَم دوایی بە ناچاری و بۆ ماوەی كورت قەرزی كرد، تا قەرزەكانی گەیشتە، " ٨، ٦ " ملیار دۆلار.

دیارە ئەو پارانەی ئاماژەیان پێدرا، بێجگە لەو پارەیەیە كە ولاتانی كەنداوی بەشدارنەبوو، لە شەڕەكەدا، لە شێوەی كرین و بەستنی گرێبەندی چەكسازی و گرانی باركردن و گەیاندن و تەئمین و چارەسەری پیسبونی ژینگە خەرجكران،

هەروەها پاشەکشەی ڕێژەی پەرەپێدان لەو دوو ولاتەو و ولاتانی تری هاوسێیان، زیانیان بە" ٧٥ " ملیار دۆلار مەزەندەی دەکرێت.

ئەوە ژمارەیە، خەرجی شەڕی یەکەمی کەنداو بوو. بەلاّم شەڕی دووەم، لە ئەنجامی داگیرکردنی ولاتی کویّت لەلایەن حکومەتی عیراق و بەرپابوونی شەڕی رزگارکردنی کویّت لە داگیرکەرانی عیراقا، خەرجی شەڕەکە ڕۆژانە یەك ملیار دۆلاربووە. نیوەی ئەو پارەیە وەزارەتی بەرگری ئەمریکی داویەتی و نیوەکەی تریش ولاتانی تری هاوپەیمان ئەرکیان کێشاوە. ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم ژمارەیە زۆر راست و دروست نەبێ، چونکە بۆچوونی ئەوە هەیە، کەوا ئەمریکا تەنیا ٤٠٪ پارەکەی داوە. بە ووردی و زۆر بە راشکاوی خەرجی ئەم شەڕە" ٦١، ٤ " ملیار دۆلار بووە، ولاتانی هاوپەیمان ٤٣، ٦٪ پارەکەیان داوە و ئەوەی تریش ئەمریکا داویەتی. بۆچوونی ئەوەش هەیە کەوا زیانی شەڕەکە بە کارە سەربازییەکان و راوەستانی بازرگانی لە ولاتانی ناوچەکە دەگاتە " ٣٠ " ملیار دۆلار. بە پێ مەزندەی ئەمریکییەکان زیانی ولاتی عیراق لەم دوو شەڕەدا گەیشتە " ٥٠٠ " ملیار دۆلار. لەوانە " ٢٠٠ " ملیار دۆلار زیانی مەدەنییە و ئەوەی تریشیان سەربازییە، واتە ( یازدەجار) لە داهاتی ولاتی عیراق بەرزترە، چونکە دیارە کەوا داهاتی ئەم ولاتە لە سالّی ١٩٨٨ دا " ٤٤ " ملیار دۆلاربووە.

هەمان راپۆرت ئەوەش ئاشکرا دەکات کەوا ولاتی ئیسرائیل لە ئەنجامی سستی بارزگانی و لاوازی ئابووری و کەمبوونەوەی گەشتوگوزار زیانی گەیشتبووە" ٢، ٢ " ملیار دۆلار.

زیانی ئوردن " ٣ تا ٤ " ملیار دۆلارو کویّت " ٢٠ " ملیار دۆلارو هەروەها " ٨، ٥ " ملیار دۆلار زیانی راوەستانی فرۆشتنی نەوتەکەشی دێتەسەر.

زیانی ولاتی تورکیاش لەوان کەمتر نییە، کە دەگاتە" ٧ " ملیار دۆلار.

لە یولیو / تموز ١٩٩١ دا سعودیە" ١٦، ٨ " ملیاردۆلارو کویّت " ١٦ " ملیار دۆلارو یابان " ١٠، ٧" ملیار دۆلارو ئەلمانیا" ٦، ٦ " ملیار دۆلارو ئیماراتی عەرەبی " ٤ " ملیار دۆلارو کوریای باشوور" ٠، ٣٨" ملیار دۆلارو حکومەتەکانی تریش " ٠، ٢٠" ملیار دۆلاریان بۆ خەرجی ئەم شەڕە خستۆتە سەر حیسابی ئەمریکا.

پارەو خەرجی ئاواکردنەوەو سازکردنەوەی ولاتی کویّتیش لە نێوان " ٢٠ تا ٣٠ " ملیار دۆلاری ویستووە، لەو پارەیەش چەکسازییان کردووەو یارمەتی ئەو ولاتە هاوپەیمانانەشیان داوە کە نەوتیان نییە.

بەلّێ ئەوەیە ئەنجامی ئەو چەند سالّەی شەڕی عیراق دژ بە ولاتانی ناوچەکەو خەرجی ئەو هێزانەو پارەی ئاواکردنەوەی ولاتەکان. !! ئاخۆ لە شەڕەکانی ترا خەرجی چەند دەبێت. . !!؟؟ بای چەند ملیار دۆلار چەکی ئەو ولاتە زلهێزانە دەفرۆشێت و پارەی ئەو میللەتە داماوە لە ئەنجامی ملهووری دکتاتۆریەتی بەغدا بە فیڕۆ دەچێت. خۆ پارەو خەرجی چەند سالّەی شەڕی حکومەت دژ بە میللەتی کورد کراوە حیساب نەکراوە. پارەی ئەو هەموو ناپالمانەی لە شەڕەکانا بەو شاخە سەرکەشانە وەنران. پارەی ئەو هەموو چەکە تازانە، پارەی خاپوورکردن و مین چاندن و سوتماکردنی ولاتێکی پان و بەرینی وەك کوردستان دەبێ چەند ملیار دۆلار بێت. . !!؟؟ ئەو هەموو پارانە، بەم شێوەیە خەرجکراوە، هەموومان چاك وجوانیش دەزانین میللەتانی عیراق لە ناوەوەو دەرەوە چۆن دەژین. . !!؟؟